# بۆ مەرزییەی دایك

**سەیران تەها**

من لە ئازاری بێ دایکی خۆمەوە دەمەوێت  گوزارشت لە چەند پەیڤێکت بۆ بکەم کە نازانم ووشەکانم ئەوەندە هەڵدەگرن ساتێکی پڕلە ڕاستگۆیی پێشکەش بە ڕۆحی تۆبکەم ،

دەبێت چ ووشەیەك هەبێت لەم دنیادا لە ووشەی دایك خۆشەویستر و پیرۆزتربێت ، دەبێت چ سۆزێك هەبێت بگاتە دوا پلە و لوتکە لە سۆزی دایك مەزرنتر بێت ، تۆ بڵێی ئازارێك لەم دنیایە هەبێت لە ژانی

لە دەستدانی دایك بەسوێتر بێت وەیان  قورستر بێت ، ئاخ چ ئازار و خۆت هەڵخەڵاتاندنێکە  کە بڕوا ناکەیت خۆشەویسترین مرۆڤ لەلات جارێکی تر نابینیتەوە .چەند ستەمە کە لەو ساتانەدا حەز بەبەردەوامی ژیان ناکەیت ،وە ناتوانی  کۆتایی پێ بهێنیت .

دایك  بەهەموو وێنە و شێوەکانیانەوە و ڕەنگەکانیانەوە، لە هەموو فەرهەنگە جیاوازەکاندا جوانن و مەزنن، بوونی ژیان بە هەموو جوانیەکانیەوە  لە هەر پارچەیەکی ئەم  ڕووی زەمینەدابێت، بە دایکەوە مانای هەیە و نرخی هەیە، چ جۆرە حیکمەتێکی گەورەیە

کە نیشتمان بە هەموو ئەو فیداکارییانەی لە پێناویدا دەکرێت ، بە ناوی دایکەوە ناو دەبرێت ، چەند

پیرۆزە کە بەهەشتیش لەژێر پێی دایکدا بێت .

دایك لە چاوی هەمووماندا چەند مەزنە ، جا ئەگەر ئێستا ئەو دایکە مەزنە ژنێکی پێشمەرگە بوو بێت و خاوەنی پەیامێکی هونەری  ڕاستەقینە بێت، خاوەن دەنگێك بێت   کە دەگمەنە هەستی زۆربەمانی  نەووروژاندبێت یان زۆربەمانی نەگریاندبێت،  ئەو کاتانەی کە گۆرانی بۆ پێشمەرگە و نیشتمان دەچڕی، ئەو کاتانەی کە ووشەکانی ئەو سروودەکانی ئەو بوون  بەرگی قارەمانێتی و فیداکارییان دەبەخشیە شەڕەکانی پێشمەرگە و پێشمەرگەیان موقەدەستر دەکرد، خاوەنی دەنگێك بوو کە هەموومان ، بەهەموو تەمەنە جیاوازەکانەوە بەسۆز و بەستەی ئەو دایکەی ناوی مەرزیە بوو  شەیدا بووین،

ئەی دایکە خاوەن میهرەبانەکە ، تۆ چۆن شەش منداڵ و شۆڕش و ووڵاتەکەت خۆشدەویشت , ئێمەش بەهەموو سۆز و خۆشەویستیمانەوە لەهەر چوارپارچەکەی کوردستانەوە ، شینی خۆشەویستی بۆ تۆ دەکەین،

هەرچەندە  لەدەستدانی تۆ خەمێکی گەورەیە  بۆ هەمووان، بەڵام پێت دەڵێین با ڕۆحی‌تۆ ئاسودە بێت .ئەی دایکە بەرێزەکە،

تۆ خاوەنی ناوێکی کەمن ئەو کەسانەی پەی پێ بەرن ، تۆ هیچ کاتێك لەناخی ئێمەدا لە سەرکردە کەمتر نەبوویت، دڵنیا بە  تا ووشەی پێشمەرگە  و خەبات بمێنێت ، ناوی تۆ ڕۆحی تۆ ، بە پیرۆزی دەمێنێ و سڵاوی گەرمی دڵی پڕ لە ئومێدت بۆ دەنێرێت .